# گرووپی خوێنیشمان لە گەڵ ئەسپانیەکان جیاوازە. . !

ئا / شێرزاد هەینی ـ سوید
heinisherzad@hotmail. com

ڕێکخراوی ئایتای باسکی جوداخواز، لە ئوکتۆبەری ١٩٩٨دا ئاگربەستی ڕایگەیاند، لە فبرایری ڕابردووە ئاگربەستەکەی شکاند. لەو ڕۆژەوە، تا ئیمڕۆ بە تەقەکردن و تەقاندنەوەی ئوتومۆمبێلی بە مینچینراو، ١٩ کەس بونەتە قوربانی ئەم ڕووداوانە.

لەدوای هەر کارێکی وا، هەزارەها کەس دەڕژێنە شەقام و گۆرەپانەکان و، کارەکان بە توندی پرۆتستۆ دەکەن. لە دوا نارەزایی گەورەدا نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس ئامادەبوون. ئەم نارەزایی و خۆپیشاندانانە بە ئامادەبوون و ڕازیبونی حکومەتە محلیەکەی باسکیشە. لەم پرۆسەو لەم رەوشەدا سێ ئۆردی هەڵدەستێتەوەو نیگایان هەیە. لەوانە، حزبی نیشتیمانی باسك، ئەوەی بە توندی ئەم کارە توندرەوانە پرۆتستۆ دەکات، ئەوەش ناشارێتەوە کەوا هاوکارو مەیلی جوداخوازییان هەیە.

لایەنی دووەم، حزبی میللیە. ئەوانە لەگەڵ مەرکەزا هاوکاری دەستەلاتن، لە رەوشەکانی ئیمرۆی باسکیدا ڕێ و جێیان دیارە.

لایەنی سێیەمیش، حزبی سوسیالیستە. کەوا دووەم حزبن لە سەر ئاستی مەرکەزا، بە ئۆپوزسیونیش دەژمێردرێن. هەردوو حزبی میللی و سوسیالیست کۆکن لەسەر ئەوەی هاوشانی بیری جوداخوازی نەبن. بە هەردووکیان ٤٤٪ دانیشتوانی هەریمی باسك پێکدەهێنن. هەردوو حزب بە هەموو شێوەیەك داواکارن، یان هەڵبژاردن زووتر بکرێتەوە، یان حزبی نیشتیمانی باسکی دەستەلاتدار لە هەرێمەکە، ناچاربکرێت پشتیوانی جوداخوازان نەکات. بەڵام ئەوەش مەسەلەکە چارەسەر ناکات. چونکە هێشتا زۆر دەمینێن، داوا ماف چارەنوس دەکەن. یان سوورن لەسەر جیابونەوە لە ولاتی ئەسپانیا، ولاتی سەربەخۆیی باسك ڕابگەێنن. لەوانە حزبی " هیری باتاسونا" و باڵە چەکدارەکەی ئایتایە.

هەرێمی باسك، یەکێکە لەو هەرێمانەی باکووری خۆرئاوای نیمچە دوورگەی ئیبریی. ئەو هەرێمە لە هەموو هەرێمەکانی تری ئەسپانیا زۆرتر تایبەتیمەندی خۆیان هەیە، خاوەن زمانی تایبەتی خۆیان بوینەو لەمێژە ئەم سیمایەیان پێوە دیارە.

بە پێی دەستووری بەکارهێنراو لە ساڵی ١٩٧٨ەوە، ولات کراوە بە ١٧ هەرێم، هەرێمەکان، حکومی زاتیان هەیەو هەموومان بە مەلبەندەوە بەستراوەنەتەوە. ئەگەرچی ئەوەش بە ویستی هەرێمەکانی باسکی و کاتالانی نیيە.

لەو دوو هەرێمە زۆرتر بیری جیابونەوە هەست پێدەکرێت. کاتالونیەکان، بە بۆچوونێکی ئابوورییەوە مامەلە لەگەڵ مەسەلەکە دەکەن. ئەوان وا دەبینن، کە ئەوروپا یەکدەگرێت و، بروکسل دەبێتە پایتەختی یەکیتی ئەوروپا. ئەوان ڕاستوخۆ، وەك هەموو هەریمە خاوەن حکومە زاتیەکان بە بروکسل دەبەسترێنەوە. پەیوەندییان بە مەرکەزەوە نامینێت. بەڵام باسکەکان توندترن، لەسەر ئەم بریارەی ئەوروپا ڕاناوەستن. سوورن لەسەر جیابونەوەو توندو تیژیش دەکەنە بەرنامەکەیان بۆ گەیشتن بە مەرام.

دانیشتوانی هەرێمی باسك، لە کۆی ٣٢. ٥ ملیونی دانیشتوانی ولاتی ئەسپانیا ١ملیون و ٧٠٠ هەزار کەسن. ئەم هەرێمە تەنیا ٥. ٢٪ ئابووری ولات پێکدەهێنێت. ئەو ڕێژەیەش دەکاتە سێ چارگی کاتالونیا، لە ڕێژەی ئەندلسیش کەمترەو نیوەی بلنسە. بەڵام هەستی جوداخوازی ئەوان لە هەموو هەرێمەکان زۆرترە، لەم دواییەدا پێشەوای حزبی نیشتیمانی باسکی بە ڕۆژنامەیەکی ئیتالی ڕاگەیاندبوو، کەوا گرۆپی خوێنی ئەوان لە گەڵ ئەسپانیەکان جیاوازە.

ناوچە باسکنشینەکان، بەشێکی دەپەڕێتەوە ناو خاکی فرنساش. زمانی ئەوانیش هەر باسکیەو جیاوازی نىیە لە گەڵ باسکی ناو ئەسپانیا. دامەزرێنەرو دانەری ئایدلۆژیای باسکیش سابینو ئارانابووە، ئەویش مامۆستای زمانبووەو لەو دەروازەیەوە چووەتە ناو سیاسەت و حزبی نیشتیمانی باسکی لە ساڵی ١٨٩٥ دامەزراندووە.

دیارە حکومەتی مەرکەزی بە دوو کارنامە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کاردەکات. ئەویش بۆ پاراستنی خاکی یەکگرتووی ئەسپانیایە. کارنامەکەیان، یەکەمی خۆی لەوە دەدۆزێتەوە، کەوا وەڵامی توندرەوەیەکەیان بە یاسا بدەنەوە. دووەمیشیان کار بۆ ئەوە دەکەن رەوشی ناوچەکەیان باش بکەن. کۆشش بەردەوام بێت بۆ ئەوەی هەڤالبەندیان لەگەڵ باسکەکان توند بکەن و بەیەکەوە بۆ یەکپارچەیی ولات هەنگاو بنێن.

هەردوو حزبی زۆرینە لە ولاتا، لە تەکتیکا جیاوازن. حزبی سوسیالیست، وا دەبینی کەوا حزبی نیشتیمانی باسك بۆچونی هەرێمایەتی لە ناو توێژێکی فراوانا پەخش دەکات، وا چاکە بە عەقلانیەت رێ بکات. هەروەها کۆشش بکرێت لە "هیری باتاسونا" دوور بخرێتەوە. بەلاّم حزبی میللی، وا دەبینی کەوا کاتی ئەوە هاتووە، بە توندی جەخت، لە حزبی بیشتیمانی باسك بکرێت زووتر هەڵبژاردن سازبکرێتەوە. ئەوەش بۆ ئەوەی حکومەتی هاوبەش لە نێوان حزبی میللی و سوسیالیست دا پێکبێت و حزبی میللی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پەروەردە وەرگرێت.

دیارە کەوا رۆژانە، دیموکراسیەکەی ئەسپانیا زۆرترو چاکتر خۆی دەنوێنێت. ئەوەش ویستێکی پیرۆزیانەو گەڕانەوەی بۆ نىیە. ئەوە چارگە سەدەیەکە هەنگاوی بەرەو دیموکراسی چاك رێ دەکات. ئابووری ولاتەکەشی بەرەو گەش ونما بردووە. دیموکراسی ئەسپانیا خۆی لەوە بەرجەستە دەکات کەوا، توندو تیژی جوداخوازەکان بە یاسا وەلاّم دەداتەوەو، هەنگاو بۆ چارەسەری ئاشتیانە داوێت. نمونەی ئەوەش دیارە کە چۆن دوو پەلەرمانتار بە ئاشکرا پشتیوانی یاخیبوون لە دەستوور دەکەن. ! چۆن داوا دەکەن لە هەرێمەکەیان ئالای ئەسپانیا داگیرێت و ئالای باسکی بێتە جێی. ئەوەش ناکۆکی بەندەکانی دەستووری ولاتی ئەسپانیایە. ئەوانەو زۆری تر لە بازنەی دامەزراوەکانا بەگەرمی دانوستان و گفتوگۆی لەسەرە. لە تلفزیۆنەکەی ولاتیشا بۆچونی جیا بلاّودەکرێتەوەو دانوستان گەرمە. ئەوانە هەمووی لە ئەنجامی ئەو دەستکەوتەوە هاتووە کە لە هەڵبژاردنی گشتی ولات و هەرێمیدا بەدەستهاتوون.

---

لەرۆژنامەی الشرق الاوسط ١٠ / ١١/ ٢٠٠١ وەرگیراوەو ئامادەکراوە.